# ئازادیخوازانی  سەید صادق  بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن

لە درێژەی کارو چالاکیەکانی دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین بۆ بەرگرتن بە پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خستویەتیە بەردەم پارلەمانی کوردستان بە مەبەستی بە یاسایی کردنی , ئێوارەی ڕۆژی 2007/12/2 ناوەندی پەروانە لە شارۆچکەی سەیدصادق بە ئامادەبونی کۆمەڵێك لە دانیشتوانی شارۆچکەکە  ئێوارەکۆڕێکی بو (کاروان نەجمەدین ) ئەندامی دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین سازکرد سەرەتای کۆڕەکە لە لایەن (پشتیوان کەریم ) لە ڕادیوی پەروانە وێڕای بەخێرهاتنی ئامادە بوان مەبەستی کۆڕەکە خرایە ڕوو پاشان بەیاننامەی دەستەکەی بۆ بەرگرتن لەپڕۆژە یاساکە خوێندەوە ,

دواتر کۆرەکە دەستی پێکرد و کاروان نەجمەدین سەرنجی  (دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین)ی  لەسەر ناوەرۆکی پرۆژە یاساکە خستەڕوو ئاماژەی لەسەر خەتەرەکانی بەیاسایی بون و دواکەوتویی پڕۆژەکە داو وە کار و نەخشەی دەستەکەی بۆ بەگرتن بە پڕۆژەیاساکە وبەرگری لە ئازادی  دووپاتکردەوە , پاشان دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبوان کرایەوە و ئامادەبوانیش بە ڕەخنە و پێشنیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەندترکرد .

لەکۆتایی کۆڕەکەدا بێجگە لەوەی زۆرینەی ئامادەبوان ئیمزاکانیان دا لەو فورمەی کە بۆ بەرگرتن بە پڕۆژەیاساکە ئامادەکراوە , دەستەیەك لە ئازادی خوازانی سەید صدق ئامادەیی کاریان بۆ ئەو مەبەستە پیشاندا و کارەکانی  (دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین) لە سەید صاق درێژە پێدەدەن .

شایەنی باسە کۆڕەکە لە ڕێگەی ڕادیۆی پەروانەوە ڕاستەوخۆ دەگوازرایەوە بۆ گوێگرانی ڕادیۆکە لە شارەزور .

**دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین**

2007/12/2